# وێنەی هونەریی لە شیعری (گەشت لە هەورامان) دا

م.ی. كاروان سلیم قیطران: زانكۆی ڕاپەڕین/ كۆلێژی پەروەردە- قەڵادزی

**الملخص**

لاشك أن البحث في شعر (گۆران) ليس بجديد، وهو من أكثر الشعراء دراسة وتناولًا، لكن قلّما توقفوا على جزئيات شعره، ولاسيما الأشعار التي خارج الأيدلوجية السياسية لكوران.

موضوع هذا البحث عبارة عن (الصورة الفنية في شعر (الرحلة في هورامان) لگۆران، يحاول البحث الدراسة عن جزئيات تكوين الصورة الفنية في شعر گۆران بشكل عام وشعر (الرحلة في هورامان) بشكل خاص، بما أنه ليس هناك في الشعر الكردي الحديث أكثر مصورًا ولا رسّامًا من گۆران، ويحاول البحث أن يبرهن الموضوع من خلال إظهار صور هذا الشعر وقالبه وأشكاله.

البحث تحت عنوان (الصورة الفنية في شعر (الرحلة في هورامان))، دراسة تحليلية وصفية، يتكون من فصلين: فقد حدد الفصل الأول لمفهوم وتعريف الصورة الفنية وأهميتها عند گۆران، وأهم القوالب والأشكال التي استخدمها گۆران في شعره لتكوين الصورة الفنية.

أما الفصل الثاني فقد حدد للدراسة على إحدى الأشكال الأدبية لگۆران فی شعره (الرحلة في هورامان) من منظور الصورة الفنية وإظهار تفاصيل تكوين قوالبها وأشكالها، وفي الختام انتهينا من البحث بنتائج.

## پێشەکی:

بێگومان توێژینەوە لە شیعری (گۆران) شتێکی تازە نییە و (گۆران) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە زۆر لای لێکراوەتەوە و لەسەر شیعرەکانی هەڵوەستە کراوە، بەڵام کەمن ئەوانەی کە لەسەر وردەکاریی شیعرەکانی هەڵوەستەیان کردووە، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی کە لەدەرەوەی ئایدیۆلۆژیای سیاسی گۆرانن و شیعری سرووشتی جوانن.

بابەتی ئەم توێژینەوەیە کە (وێنەی هونەریی لە شیعری (گەشت لە هەورامان)ی (گۆران)ە، هەوڵدەدات لە وردەکاریی دروستبوونی وێنەی هونەریی شیعری گۆران بەگشتی و شیعری (گەشت لە هەورامان) بەتایبەتی بکۆڵێتەوە، چونکە لە شیعری نوێی کوردیدا لە (گۆران) وێنەگرتر و وێنەکێشترمان نییە. توێژینەوەکە هەوڵدەدات بە پیشاندانی وێنەکانی ئەم شیعرە و قاڵب و شێوازی دروستبوونیان ئەم بابەتە زیاتر بسەلمێنێت.

ئەم توێژینەوە یە توێژینەوەیەکی شیکاریی وەسفییە، لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ چەمک و پێناسەی وێنەی هونەریی و گرنگی وێنەی هونەریی لای گۆران و ئەو قالب و شێوازانەی کە گۆران لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون بۆ درووستکردنی وێنەهونەرییەکان.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ هەڵوەستە کردن لەسەر یەکێک لە شاکارە ئەدەبییەکانی گۆران و ئەدەبی کوردی کە شیعری (گەشت لە هەورامان)ە، لە ڕوانگەی وێنەی هونەرییەوە و وردەکاریی قاڵب و شێوازی چۆنیەتی درووستبوونیان خراوەتە ڕوو و بە چەند ئەنجامێک کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە.

## بەشی یەکەم:

## وێنەی هونەریی لە شیعری (گۆران)دا:

### تەوەری یەکەم: چەمک و پێناسەی وینەی هونەریی:

وێنەی هونەریی (لە زمانی ئینگلیزیدا لە وشەی ( image)ەوە هاتووە کە لە ڕەخنەی ئەورووپیدا بۆ وینەی هونەریی بەکارهاتووە، لەکاتێکدا وشەی (imagination) لە وشەی (imaginoto) ی لاتینییەوە وەرگیراوە کە بە واتای خەیاڵ دێت)(سەردار ئەحمەد گەردی: ٢٠٠٤:٢٥)

بێگومان لە زمانەکانی تردا وینەی هونەریی زاراوەی دیکەی بۆ بەکاردەهێرێت، بۆنموونە( لەزمانی فارسیدا زاراوەی (صور خیال) واتا (وینەی خەیاڵ) بەکاردەهینرێت، لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا زاراوەی (الصور الشعرییە - وینەی شیعریی) و (الصورە الفنیە - وینەی هونەریی) بەکاردەهێنن، یان ( الصورە الادبیە – وێنەی ئەدەبی) کە وینەکانی شیعر و پەخشان دەگرێتەوە بەکاردەهێنن) (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٣٢)

لە زمانی کوردیشدا بەزۆری زاراوەی (وینەی هونەریی) و (وێنەی شیعریی) بەکاردێت و هەروەکو زمانی عەرەبی (وینەی ئەدەبی)ش بەگشتی بۆ شیعر و پەخشان بەکاردێت. بەڵام

ئێمە لیرەدا (وێنەی هونەریی)مان بەکارهێناوە وەکو زاراوەیەکی ئەکادیمی. (چونکە پێکهاتەی هەر وێنەیەك لەشیعریدا وەرگیرێت دەبینین جۆرە هونەرێکی تێدا بەکارهاتووە تاوەکو ئەم وێنەیە دروست دەبێت) (هاوژین صلێوە عیسا: ٢٠٠٢: ١٩)

هەروەک دیارە وێنەی هونەری لایەنێکی گرنگە بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی دەقی شیعری، چونکە خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیر لە شیعردا پیشاندەدات و دەست ڕەنگینی شاعیر لە وێنەکێشانی بیر و ئەندێشەیەوە لە شیعر دا دەردەخات و ( هێز و کاریگەریی شیعر لە هێز و کاریگەریی وێنەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت، چۆنیەتی و چەندیەتی ئەم کاریگەرییە لە کەسێکەوە بۆ کەسکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە) (فەرهاد قادر کەریم: ٢٠١٢: ٢٧) و (پەیامی شاعیر کە لە ئەزموون و تێگەیشتنی و جیهانبینی زەینی شاعیرەوە سەرچاوەدەگرێت ، لەڕێگەی وێنە و دەستەواژەی هونەرییەوە دەگوازرێتەوە بۆ خوێنەر) ( محمد تقی سبک دل: ١٣٨٧ هـ.ش: ١٣١) و (ئەگەر شاعیر کەم سوود لە وێنەی شاعیرەکانی دیکە وەربگرێت و وێنەی داهێنەرانەی تایبەت بە خۆی هەبێت ، ئەوا بەتەواوی دەتوانین لە دەروونی شاعیر بگەین و بە دنیابینییەکەی ئاشنابین) ( جمال الدین مرتضوی-سجاد نجفی بهزادی : سال ١٩: ١٦٨) و هەر ئەو هۆکارەشە کە محمد جوادی عیرفانی پێی وایە کە ( وێنەی هونەری داهێنەرانە نەك شێوازی شاعیر دیاری دەکات و دەبێتە مۆرکێکی تایبەت بۆی ، بەڵکو لە شاعیرانی دیکەشی هەڵداوێرێت و پلە و پایەی بەرزتری پێدەدات) (محمد جواد عرفانی بیضائی: ١٣٨٣هـ.ش.: ٥٦)، هەروەها (نیشاندانی ئەزموونە هەستییەکانە بەهۆی زمانەوە) (مهدی مسبوق – مرتضی فائیمی : ١٣٩٠هـ.ش.: ٢١٧) و بەهۆی کەرەستە زمانییەکانی وەك (وشە و دەستەواژەکان و ....) دەردەبڕدرێن و دەکێشرێن ، واتا (ئەگەر وێنە کێشێك بە فڵچە و بۆیە و کەرەستەکانی دیکەی وێنەکێشان وێنە بکێشێت ، ئەوا کەرەستەی خاو لەبەردەستی شاعیر بۆ خوڵقاندنی وێنەی هونەری پیت و وشەن) (کاکەی فەلاح : ١٩٨٦: ٢٣)، هەروەها (وێنەی سەرنج ڕاکێش و سەرکەوتوو لەوەدا دەردەکەوێت کە توانای وروژاندنی هەست و سۆزی خوێنەی هەبێت)( جەبار ئەحمەد حوسێن: ٢٥:٢٠٠٨). هەروەها دەشگوترێت ((وێنەی ئەدەبی کرۆکی هەمیشەی شیعرە)).(عبدالقادر محەمەد امین:٢٠٠٢: ١١). هەروەها وینەی هونەریی (توانای ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن لەلای خوێنەر پەروەردە دەکات بەوەی کە لە وێنەکان ورد دەبێتەوە و لە نموونەی جوان و سەرکەوتوویان نزیك دەبێتەوە و هەست بە نموونەو ناتەواو و شێواویش دەکات )( کەریم شارەزا: ٧:٢٠٠٥).

شتێکی دیکە کە پێویستە باسکرێ ئەوەیە کە ( لێچواندن و خواستن و خوازە و درکە سەرچاوەی بنەڕەتین بۆ دروستبوونی وێنەی هونەری)( ارژنگ مدی: ١٣٧١هـ.ش.: ٣٣٢)، بێگومان ئەو بۆچوونە بۆ شیعری کلاسیکی زۆر گونجاوە ، بەڵام ئەم قالبانەی دروستکردنی وێنەی هونەری سەداسەد بۆ شیعری نوێ ناگونجێن ، چونکە شاعیری شیعری نوێ کەمتر ئەو قالبانە بەکاردەهێنێت ، بەڵکو وێنەکانی زیاتر بەهۆی وەسفەوە دەکێشێت و زۆرتر وەسف بەکاردەهێنێت لە شیعرەکانیدا، ئەمەش دەبێتە جیاوازییەکی بەرچاوی نێوان شیعری کلاسیك و شیعری نوێ لە ڕوانگەی وێنەی هونەرییەوە ، چونکە شاعیری کلاسیك زیاتر بەهۆی پاشخان و ڕۆشنبیرییە دینیەکەیەوە ، ئەو لایەنە ڕەوانبێژیانەی وەك (لێچواندن و خواستن و خوازە و درکە) وە ، زۆربەی وێنە هونەرییەکانی خۆیان لە قورئان و ئەو دەقەئاینیانەی کە بونیادی ئەدەبی و هونەریان بەهێزبوو وەردەگرت ، بەڵام داهێنان و جوانکاری تایبەتی خۆیان پێدەبەخشی و بۆی دەبوو بە لایەنێکی شێوازی شیعری ، بەڵام شاعیری نوێ زۆربەی وێنە هونەرییەکانی بەهۆی وەسفەوە دەکێشێت و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە (لە شیعری

هاوچەرخدا وێنەی هونەری وەکو هەوێنێك و بابەتێکی زیندوو و چالاك بەکاربهێنرێت) (پەروین عەبدوڵلا : ٢٠٠١: ٥٤) و سیفەتێکی زیندوویی بە وێنەکانی ناو دەقە شیعرییەکان ببەخشن ، نموونەی زیندووش لەبەردەستماندا شیعری (گەشت لە هەورامان)ی (گۆران) ە، کە زیاتر تەوەری لێکۆڵینەوەکەمانە .

ئەوەی کە لە شیعرەکانی گۆران بەگشتی و لایەنی وێنەی هونەری بەتایبەتی بەرچاو دەکەوێت ئەوەیە کە (گۆران) سەرەڕای ئەوەی کە بۆ داڕشتن و بەکارهێنانی وێنە هونەرییەکانی پشتی بە ئیلهام بەستووە ، بەڵام لەڕووی ئەکادیمییشەوە خوێندنەوەی بۆ هەبووە و شاعیرێکی نەخوێندەوار نەبووە لەو بوارەدا و خوێندنەوەیەکی وردی دەربارەی هەبووە و وشەی ((نیگارخانەی خەیاڵ) ی بۆ ئەندێشە بەکارهێناوە  بەکارهێناوە کە سەرچاوەی درووستکردنی وێنەی هونەرییە)(تاریق صالح:٢٠١٣:٦٠) هەرچەندە ئەوزاراوەی گۆران بەکاری هێناوە لە (صور خيال) فارسی نزیکە کە لە بەرانبەر (وێنەی هونەری) بەکاری دەهێنن، بەڵام مۆرکی کوردی و داهێنانی (گۆران)یشی پێوەیە.

**تەوەری دووەم: قالبەکانی درووستبوونی وێنەی هونەری لە شیعری (گۆران)دا:**

بێگومان وێنەی هونەریی چەند قاڵبێکی هەیە و شاعیران لە ڕێگەیانەوە درووستی دەکەن، هەروەک دیارە (گۆران)یش لەشیعرەکانیدا پشتی بەم قاڵبانە بەستووە و وێنەی هونەریی جوانی لێ هیناونە بەرهەم. گرنگترین قاڵبەکانیش ئەمانەن:

**١- وێنەی هونەریی بەهۆی لێچواندنەوە:**

گۆران لە درووستکردنی وێنە هونەرییەکانی دا زۆر پشتی بە لێچواندن بەستووە و وێنەی جوانی پێ درووستکردوون،لێچواندنیش لە کورتترین پێناسەیدا (بریتییە لە وەکویەك لێکردنی دوو شت یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەش یان زیاتر ، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو سیفەتە لەو شتەی کە بابەتی باسەکەیە )(عەزیز گەردی:٢٠٠٥:٢١).

بۆنموونە لە شیعری(دەرویش عەبدوڵا)دا دەڵێت:

بەلێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار

وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١١)

دیارە لەم دێرەدا وینەیەکی جوان هەیە کە شاعیر بەهۆی لێچواندنەوە درووستی کردووە، لیچواندنەکەش بەم شیوەیەیە:

سنعەتکار(دەروێش عەبدوڵا): لێچوو

وەکو: ئەوزاری لێچواندن

قەمەر: لەوچوو

لەهەمان وێنەدا شاعیر لێچواندنێکی تریش کردووە:

قەومی بەسیت: لێچوو

حەوزی لیخن: لەوچوو

**٢- وێنەی هونەریی بەهۆی خواستنەوە:**

دروستکردنی وێنەی هونەریی بەهۆی خواستنەوە یەکێکی دیکەیە لەو ڕێگایانەی کە (گۆران) گرتوویەتییەبەر و بەهۆیەوە چەندان وێنەی جوانی هێناوەتە بەرهەم، خواستنیش بریتییە لەوەی کە(وشەیەك لە ڕستەدا بۆ مانایەکی تری جگە لە مانای دروست و فەرهەنگی خۆی بەکاربێنی ، بەو مەرجەی پەیوەندی نێوان مانادروست و مانا خوازراوەکە لێچواندن بێت و نیشانەیەك هەبێت کە مەبەست مانای خوازراوی وشەکەیە نەك مانای ڕاستەقینەکەی، یەکێکیش لە بنەڕەت سەرەکییەکانی لێچواندن دێت) (عەزیز گەردی:٤٦:٢٠٠٥)

بۆنموونە لە شیعری(گەشت لە قەرەداغ)دا دەڵێت:

ئاسمانی شین و ئەستێرەکانی

پێدەکەنن بۆ بەری بەیـــانی (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١٢١)

هەروەکو دیارە شاعیر وێنەیەکی زۆر جوانی بەهۆی خواستنەوە دروستکردووە و خواستنەکەش بەم شێوەیەیە:

مرۆڤ : لێخوازراو

ئاسمانی شین و ئەستێرەکانی: بۆ خوازراو

پێکەنین: وشەی خوازراو

**٣- وینەی هونەریی بەهۆی (درکە)وە:**

درکەش یەکێکی دیکەیە لەلایەنەکانی ڕەوانبێژی کە شاعیر بەهۆیەوە وێنەی جوان و ڕازاوەی دروستکردووە، درکەش لە سادەترین پێناسەیدا (بریتییە لەوەی کە ڕاستەوخۆ ناوی سیفەت یان مەوسوف نەدرێ ، بەڵکو بەهۆی شتی ترەوە بدرکێنرێت و لە ڕەوتی ڕستەکەدا دەربکەوێت) (عەزیز گەردی:٦٩:٢٠٠٥) ، هەروەها (بەربڵاوترین و سروشتی ترین وێنەی هونەری بەهۆی درکەوەدروستدەبێت) (سیروس شمیسا– محبوبە کاشی:١٣٨٨هـ . ش: ١١٦).

هەروەکو لە شیعری (گەشت لە قەرەداغ)دا شاعیر دەڵێت:

چای خەست تێک درا بە کەوچکی چێو

دەرمانئۆش کرا پیاڵـــــــەی لێوان لێو (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١٢٥)

لیرەدا شاعیر وینەیەکی جوانی بەهۆی (درکە)وە دروستکردووە و(دەرمانئۆشکردنی پیاڵەی لێوان لێو) درکەیە لە خواردنەوەی بەتەواوەتی و خێرای پیاڵە چای پڕ.

**٤- وینەی هونەریی بەهۆی (وەسف)ەوە:**

درووستکردنی وینە بەهۆی وەسفەوە لە شیعری نوێی کوردیدا زۆر بەرمێنە و بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاردێت ، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە شاعیر بەم هۆیەوە دەتوانێت زۆرترین وێنەی تازە و زیندوو دروست بکات .

گۆرانیش وەکو شاعیرێکی نویخواز زۆربەی وینەکانی بەهۆی وەسفەوەیە، بۆنموونە لەشیعری (ئافرەت و جوانی) دا دەڵێت:

پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر

چـــــەماوەتەوە بەرانبەر بە خۆر (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ٤٣)

هەروەکو دیارە شاعیر بەهۆی وەسفەوە وینەیەکی جوانی سرووشتی دوای بارانبارینی بۆ کیشاوین و لەکاتی خوێندنەوەی دێرەکەدا بەتەواوی هەست بە جوانی و وردەکاری وێنەکە دەکەین.

**بەشی دووەم : (وێنەی هونەری لە شیعری (گەشت لە هەورامان) دا)**

گەشتی هەورامان وەك یەکێك لە جوانترین شیعرەکانی گۆران و ئەدەبیاتی نوێی کوردی ئەلبومێکە لە وێنەی دانستە و دەگمەن ، خوێنەری خاوەن سەلیقەی شیعری کە جارێك بیخوێنێتەوە هەست بە جوانی وێنەکان و زیندووییان دەکات ، شاعیر وەك وێنەگرێکی بەئەزموون بە کامێرای وشە وێنەی بست بە بستی شوێنەخۆشەکانی هەورامانمان بۆدەکێشێت و خوێنەر کاتێك کەدەیخوێنێتەوە واهەست دەکات کە لە هەورامانە و گەشتی کردووە بۆ ئەوێ و یەکێك لە هۆکارەکانی کە ئەو شیعرەی ئاواسەرنجراکێش کردووە ئەوەیە کە(فۆرم و شێوازەکەی بریتییە لە بەدوایکداهاتنی دیمەنەکان، بەمەش سەرەتا و لوتکە و کۆتایی هەیە ) ( موحسین ئەحمەد عومەر : ٢٠١٢: ٧٥) و دیمەنەکان وەك ڕشتەی مرواری بەدوای یەکدادێن.

**تەوەری یەکەم:**

**قاڵبەکانی وێنەی هونەری لە شیعری (گەشت لە هەورامان)دا:**

**١- وێنەی هونەری بەهۆی (لێچواندن)ەوە:**

شاعیر لە شیعری (گەشت لە هەورامان) دا کۆمەڵێك وێنەی ڕازاوەی بەهۆی لێچواندنەوە دروستکردووە ، وێنەکانیش ئەمانەی خوارەوەن :

کام بەربەڕۆچکەی زۆر باسەفایە

چەشنی دڵی شاد دێیە ،ئـــــاوایە! (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٨)

واتا: لەکوێ بەربەڕۆچکەیەکی خۆش و باسەفات بەرچاوکەوت کە وەکو دڵی شاد وایە ، ئەوە دێیە و ئاواییە.

دێ ← لێچوو دڵ ← لەوچوو

باسەفایی ← ڕووی لێچوون چەشن ← ئەوزار

لێرەدا تێبینییەكی زۆر وردی (گۆران) بەدەردەكەوێت دەربارەی نەخشەی گوند ، بەتایبەتی ئەوگوندانەی كە داروباریان زۆرە - وەكو ئەوگوندانەی شاعیر باسیان دەكات- شوێنی جوگرافییان سەختە لەناو ڕەز و باخەكاندا درووست ناكرێن ، بەڵكو لە بەربەڕۆچكەیەكی دوور لە دار و بارەكە دروست دەكرێن ، خەڵكی ئاوایی زیاتر بە لەبەرچاوگرتنی كەش و هەوای زستان ئەو شوێنە هەڵدەبژێرن ، چونكە ناو ڕەز و باخەكان لە زستاندا جێگەی لێ ژیاننین ، بەهۆی بەفر و باران و چڕو پڕی دارەكان و خراپی ڕێگە و بانە تەسكەكان لە وەرزی قوڕوقاڵدا.

خانووی بەگزادە لەسای درەختا

ئارامی بووكە لە كۆشی بەختــا (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٨)

لێرەدا شاعیر دوو وێنەی هێناوە و لەیەكتری چواندوون ، وێنەی یەكەم : لەسەر خانووی بەگزادەكان درەخت هەیە و سێبەری بۆ خانووەكان كردووە، وەك ئارامگرتنی بووك دەچێت لەكۆشی بەختدا كە وێنەی دووەمە.

خانووی بەگزادە ← لێچوو ئارامی بووك ← لەوچوو

سایەی درەخت ← لێچوو كۆشی بەخت ← لەوچوو

خانووی ئەهالیــــــش زۆریان دوو نهۆم:

هەندێك قنج و قیت هەندێك لار و كــۆم

یەك لەسەر یەكتر بەرەو لوتكــەی كێو

بۆ ئاســـــمان دەچن وەك پێپلكەی دێــو (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٨)

لێرەدا وێنەیەكی بەلێچواندن درووستكراو هەیە ، ئەویش بریتییە لەوەی كە خانووی خەڵكی گوند یەك لەسەر یەكتر درووستكراون و لە پێپلكەی دێو دەچن.

خانووی ئەهالی ← لێچوو پێپلكەی دێو ← لەوچوو

پلەپلەبوون و لەسەریەكتربوون ← ڕووی لێچوون وەك ←ئەوزار

لەژێر سێبەرا مـــــــەلای نووشتاوە،

ڕیشی بۆ سەر سنــگ پەرش و بڵاوە،

قيافەت پەڕپووت وەك كتێبی كـــۆن،

زمانی شیرین، سیمای نەختێك مـۆن،(دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٨)

وێنە هونەرییەكە ئەوەیە كە قیافەتی پەڕپووتی مەلا لە كتێبی كۆن دەچێت.

قیافەتی پەڕپووتی مەلا ← لێچوو كتێبی كۆن ← لەوچوو

پەڕپووتی ← ڕووی لێچوون وەك ← ئەوزار

**٢) وێنەی هونەری بەهۆی خواستنەوە:**

شاعیر كۆمەڵێك وێنەی جوان و سەرنج ڕاكێشی بەهۆی خواستنەوە درووستكردوون لە شیعری (گەشت لە هەورامان) دا، ئەو وێنانەی بەهۆی خواستنەوە درووستكراون ، ئەمانەی خوارەوەن:

كۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردنكـــەش،

ئاسمانی شینی گرتۆتەبـــــــــــــاوەش،(دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٧)

شاعیر كۆمەڵە شاخێكی سەخت و گەردن كەشی هێناوە و سیفەتی مرۆڤی داوەتە پاڵ كە لەباوەشگرتنە و لەمرۆڤی چواندووە ، بەڵام مرۆڤ نەهاتووە لە شیعرەكەدا.

مرۆڤ ← لێخواستراو

كۆمەڵەشاخێكی سەخت و گەردن كەش ← بۆخواستراو

گرتنەباوەش ← وشەی خواستراو

كە دیوان چۆڵ بوون، چوویتە ناو جێگا ،

دەست ئەكەیتە مل خـــــەوی پاش ڕێگا ! (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٨)

وێنەی درووستكراو بەهۆی خواستنەوە بریتییە لەوەی كە شاعیر خەوی پاش ڕێگا بە مرۆڤ دەچوێنێ و دەستی دەكاتە مل .

مرۆڤ ← لێخواستراو

خەوی پاش ڕێگا ← بۆخواستراو

دەست لە ملكردن ←وشەی خواستراو

هەروەها شاعیر لە شوێنێکی تری شیعرەکەدا دەڵێت:

لەسەر جۆگـــەی ئاو قاز و مراوی

چاوەڕێـــــی ڕۆژن هەڵبێنێ چاوی،

بەڵام تا خولْقی نەکات چێشتەنگـــاو

نایەتە ناودێ پڕشنــــــــگی هەتاو! (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٩)

لێرەدا شاعیر دوو وێنەی جوانی دروستکردوون بەهۆی خواستنەوە یەکەمیان بریتییە لەوەی قاز و مراوی لەسەر جۆگەی ئاو چاوەڕێی چاوهەڵهێنانی ڕۆژ دەکەن، چاوهەلهێنان سیفەتی مرۆڤە و بۆ ڕۆژ خواستراوە ، بەڵام مرۆڤ نەهاتووە ،وێنەی دووەمیان بریتییە لەوەی کە دەبێت چێشتەنگاو خولْقی هەتاو بکات بۆئەوەی بێتە ناو دێ ، خولْقکردن سیفەتی مرۆڤە و بۆ چێشتەنگاو خواستراوە، بەڵام مرۆڤ نەهاتووە لە شیعرەکەدا . شاعیر لەوێنەی دووەمدا تەشریفاتێکی درووستکردووە کە لە جوانیدا بێ هاوتایە.

مرۆڤ ← لێخواستراو خۆر ← بۆخواستراو

چاوهەڵهێنان ← وشەی خواستراو

مرۆڤ ← لێخواستراو چێشتەنگاو ← بۆخواستراو

خولْقکردن ← وشەی خواستراو

**٣) وێنەی هونەری بەهۆی درکەوە :**

شاعیر کۆمەڵێك وێنەی جوانی بەهۆی درکەوە دروستکردووە لە شیعری (گەشت لە هەورامان) دا، وەکو ئەو نموونانەی خوارەوە :

بنچینەی مزگەوت نیشتۆتە ناوچەم،

ڕووبەرەو قیبلە، پشت لە جەهەنەم! (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٩)

ڕووی مزگەوت لەقیبلە و پشتی لە جەهەنەم درکەیە لە شوێنی ڕزگار بوونی مرۆڤ لە سزای جەهەندەم بەپێی ئایینی ئیسلام.

کەسێك بانگ ئەدا، ئەشـــــــــڵەقێنێ گۆم،

ئیمام هەڵدەستێ : داربەدەست ،پشت کـوم! (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٩)

شڵەقانی گۆم درکەیە لە جموجۆڵ تێکەوتنی نوێژکەران.

تا تەواو ئەبــێ((ئەڵلاهو ئەکبەر))

پەنگ ئەخواتەوە لافاوی نوێژکەر(دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٨)

پەنگخواردنەوەی لافاوی نویژکەر درکەیە لە کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆر بۆ نوێژ.

نوێژ بەتاڵ ئەبێ ، جەماعەت بڵاو،

چەند پیرێك ئەبن بە خڵتـــەی لافاو: (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٩)

بوونی چەند پیرێك بە خڵتەی لافاو درکەیە لە مانەوەی ئەو پیرانە لەدوای نویژیش لە مزگەوت.

مانگ بە تریفـــەی ناودێ ئەکا کەیل،

هێشتا هەر گەرمە ناڵەی( کنالـەیل...!) (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١٢٠)

مانگ بە تریفەی ناودێ ئەکا کایل درکەیە لەوەی کە شەو داهاتووە و مانگ هەڵاتووە و ناودێ مانگەشەوە.

**٤) وێنەی هونەری بەهۆی (وەسف)ەوە:**

شیعری (گەشت لە هەورامان)یش وەك دەقێکی نوێ بەزۆری وێنەکانی لەوجۆرەن، ئەو وێنانەی خوارەوە نموونەی ئەو جۆرە وێنەیەن:

سەرپۆشی لوتکەی بەفری زۆر سپی،

بەدارستان ڕەش ناودۆڵی کپـــــــــی(دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٧)

شاعیر وێنەی شاخەکانی هەورامانمان بۆ دەکێشێت کە بەفر بە لوتکەکان وەیە و ناو دۆڵەکانیش دارستانی چڕ و پڕە، شاعیر وەسفەکانی بەم وشانە کردووە، بەفری بە (زۆر سپی ) و دارستانی بە (ڕەشی) و دۆڵ بە (کپی) وەسفکردووە ، واتا پشتی بە تێکەڵکردنی هەستی بینین و بیستن بەستووە لە وێنەکەدا،

توولە ڕێی باریك ، توناو تون پشکن

ڕێبوار ئەخاتـــــە ئەنـــدێشـەی بێبن(دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٧)

شاعیر لەڕێگەی وەسفی تولەڕێی باریک وێنەی ڕێچکە و باریکە ڕێیەکانمان بۆدەکێشێت کە هەموو لایەکیان تەنیوە و مرۆڤی نەشارەزا و ڕێبوار دەخاتە بیرکردنەوە و نازانێت بۆ شوێنی مەبەست بەکامیاندا بڕوات.

ناورێگا تەق تەق، لاڕێبـــــەردی زل

کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تـــل!

گا سەرەو ژوورە ، گا ســەرەو خوارە

تاڵی و شیرینی دنیای ڕێبــــــــوارە! (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٧)

ئەمە دیمەنی ڕێی هەورامانە ، چونکە ناوچەی شاخاوییە ، بۆیە ڕێیەکانیش پڕن لە بەرد و پلەپلە و هەوراز و نشێو، واتا شاعیر زۆر بە جوانی و لەڕێگەی وەسفەوە وێنەی ئەو دیمەنانەی هەورامانی کێشاوە.

خانووی ئەهالیـــــــش زۆریان دوو نهۆم :

هەندێك قنج و قیت ،هەندێك لار و کـــــۆم (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٨)

شاعیر زۆر بە وەسفێکی جوانەوە وینەی خانووەکانی دێ مان بۆ دەکیشێت ، کە زۆریان دوو نهۆمن و هەندێك ڕێك و پێك دروستکراون و هەندێکی دیکەش خوار و خێچن ، کە ئەمە جوانترین دیمەنی دێیە وەك خۆی.

لە دێدا کام جێت گەورە بەرچاو کـــەوت:

ماڵی ئاغایە خانــــــــــقا و مزگەوت ! (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٨)

ئەمەش لە سوچێکی دیکەوە تەماشاکردنی دێیە کە ماڵێ ئاغا و خانەقا و مەزگەوت هەڵاوێردە و بەرچاوتر و گەورەترن لەچاو خانووی خەڵکی ڕەشۆکی و ئاسایی.

لەژێر سێبەرا مەلای نووشتـــــــاوە،

ڕیشی بۆ سەر سنگ پەرش و بڵاوە، (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٨)

ئەمە وینەی پیرەمەلایە لە سێبەر کە چۆن لەبەر پیری چەماوەتەوە و ڕیشی لەبەر زۆری بەسەر سنگیدا بڵاوبۆتەوە.

بنچینەی مزگەوت نیشتۆتە نـــاو چەم

ڕوو بەرەو قیبلە ، پشت لە جەهەنەم! (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٩)

شاعير وینەی مزگەوتی قەراغ چەمی بۆکێشاوین کە بناغەکەی کەوتۆتە ناو چەمەکە و ڕووی لە قیبلەیە وەکو زۆربەی مزگەوتەکان و وەکو فەلسەفەی دینیش هەرشتێك یان هەر کەسێك ڕووی لە قیبلەبوو ئەوا پشتی لە جەهەندەم کردووە ، بەو مانایەی کە نایهەوێت بچێت بۆ جەهەندەم بۆیە ڕووی لە قیبلەکردووە ، دەنا خۆ کەس شوێنی واقعی و جوگرافیایی جەهەندەم پێ نازانێت .

جار جار ئیمامی گۆشەی تەنیای حەوز

سەرسنگ ماچدەکات ڕیشی بە وەنەوز (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٩)

ئەمە وێنەی ئیمامی مزگەوتە بەتەنیایی لە گۆشەیەکی حەوزی مزگەوت دانیشتووە و لەنێوان خەو و بەئاگایی دایە و بە وەنەوزدان ڕیشی درێژی بە سنگی دەکەوێتەوە.

کەسێك بانگ ئەدا ، ئەشڵەقێنێ گـــــۆم،

ئیمام هەڵدەستێ : داربەدەست پشت کۆم! (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٩)

شاعیر وێنەی کاتی مەلابانگدانی نویژکەرانی ناو مزگەوتمان بە کامێرای وشە بۆدەکێشێت کە چۆن خەڵك و ئیمامی داربەدەست و پشت کۆم وەکو گۆمی شڵەقاو جموجۆڵیان تێدەکەوێت.

تاتەواو ئـــەبێ ((ئەڵڵاهو ئەکبەر))

پەنگ ئەخواتەوە لافاوی نوێژکەر(دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٩)

ئەمە وێنەی کاتی پەنگ خواردنەوەی بەلێشاوی نوێژکەری وەك لافاوە بۆ نوێژکردن لە دوای مەلابانگدان.

سەرچاوەی ئاوێك : کەلەکێك لەسەر :

ژنێك تێی ئەچێ، ژنێك دێتـــــــەدەر

ئەمەش لەدێدا کانـــــــــی ژنانـــە ،

قیبلەی دڵداری هـــــەرزەکارانــــــە! (دیوانی گۆران:١٣٨٢هـ.ش: ١١٩)

ئەمە وێنەی حەرەمسەرای کچانی دێیە و بە کانی ژنان مەشهورە ، کەڵەکێکی لەسەردرووستکراوە و بۆ هەرزەکارانی دڵدار وەك قیبلە وایە.

## ئەنجام

- دوای نووسینی لێکۆڵینەوەکەمان گەیشتین بەو ئەنجامانەی خوارەوە :

١- خوێندنەوەیەکی تایبەتی دەربارەی وێنەی هونەری هەبووە و زاراوەی تایبەتی بۆ سەرچاوەی وێنەی هونەریی بەکارهێناوە کە زاراوەی(نیگارخانەی خەیاڵ)ە.

٢- وێنە هونەرییەکانی وەک وێنەی فۆتۆگرافی جوانن.

٣- گۆران لە شیعرەکانیدا هەموو قالبەکانی درووستکردنی وێنەی هونەریی بەکارهێناوە.

٤- وەك سەرقافڵەی شاعیرە نوێخوازەکان وێنە هونەرییەکانی وێنەی تازە و زیندوون و زۆربەی وێنەکانیشی بەهۆی وەسفەوە درووستکردوون.

٥- شیعری گەشتی هەورامانی گۆران بۆ خوێنەرگەشتێکی خەیاڵیی خۆشە بۆهەورامان.

## سەرچاوەكان

- سەرچاوە كوردییەكان:

١- پەروین عەبدوڵڵا (٢٠٠١) ، وێنەی شیعری لە( زمانی عەشق) ی ڕێبوارسیوەیلیدا ، گۆڤاری ( ئاینده) ، ژمارە (٢٩) .

٢- تاریق صالح(٢٠١٣)، وێنەی هونەری لە هەندێك شیعری گۆراندا ، گ. (ڕامان) ، ژ.(١٩٩) .

٣- جەبار ئەحمەد حوسێن (٢٠٠٨)، ئیستا تیکای دەقی شێعری کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠- ١٩٧٠) ، دەزگای چاپ و پەخشی (سەردەم) ، سلێمانی.

٤- سەردار ئەحمەد گەردی(٢٠٠٤)، بنیاتی وینەی هونەریی لەشیعری کوردی(١٩٧٠ – ١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی.

٥- عەبدوڵا گۆران (١٣٨٣ هـ.ش) ، دیوانی گۆران ، چاپی چوارەم ، چاپخانەی ( پانیز) ، تهران.

٦- عەبدالقادر محمد ئەمین (٢٠٠٢)، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردیدا، چاپخانەی سەردەم.

٧- عەزیز گەردی (٢٠٠٥) ، ڕەوانبێژی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی (ئارام) ، بەغداد.

٨- فەرهاد قادر کەریم (٢٠١٢)، بنیاتی وینە لە شیعرەکانی حەمدی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٩- کاکەی فەلاح(١٩٨٦) ، وینەی شێعری چی یە ؟ ، گۆڤاری (کاروان) ، ژ.(٤٩).

١٠- کەریم شارەزا (٢٠٠٥)، وێنەی شیعری لە باری چەسپاو و جوڵاودا ، گ. ( ڕامان) ، ژ. (٩) .

١١- د. موحسین ئەحمەد عومەر(١٠١٢) ، لێکۆلینەوە کوردییەکان ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (١٥٤) ،هەولێر.

١٢- هاوژين سليوه عيسى (٢٠٠٢): بنياتى وێنەى هونەرى لە شيعرى شێركۆ بێكەس، ،چاپخانەى سەردەم، سلێمانى.

سەرچاوە فارسييەكان:

١٣- ارژنگ مدى(١٣٧١)، بررسى صوره خيال در هفت پيكر نظامى ، مجله فرهنگ، شماره (١٠).

١٤- جمال الدين مرتضوى – سجاد نجفى بهزادى (سال ١٩) ، بررسى و مقايسه صورخيال در شعر حسين منزوى و قيصرامين پور،، فصلنامه زبان و ادبيات فارسى ، ، شماره٧٠ .

١٥- سيروس شميسا – محبوبه كاشى ( ١٣٨٨هـ . ش )، بيان و جيلوەهاى صورخيال در شعر سيمين بهبهانى، مجله دانشكده علوم انسانى دانشگاه سمنان ، سال ٨ ، شماره ٢٨ ، ص ١١٦ .

١٦- محمد تقى سبك دل (١٣٨٧ هـ.ش) ، أرايه هاى ادبى و صور خيال در شعر رودكى ، كتاب ماه ادبيات ، شماره ١٣١ .

١٧- محمد جواد عرفانى بيضائى ( ١٣٨٣هـ.ش) ، بررسى صور خيال در غزليات فرحى يزدى به عنوان ويژگى سبك خاص او ، كاوش نامه زبان و ادبيات فارسى ، شماره ٩ .

١٨- مهدى مسبوق – مرتضى فائيمى – پروين فرحى زاد (١٣٩٠ هـ.ش ) ، بررسى و پويايى و حيات صوره خيال در شعر متنبى – با تكيه بر تصاوير شنيدارى ، مجله لسان مبين ، شماره ٤ .

**Abstract**

Certainly, writing about Goran’s poems is not new, since his poems have been the concern of many researchers. However, writing about the details of his poems has been of little concern, especially those poems that are beyond his political views and are about the beauty of nature.

This research is entitled “Poetic Imagery in the Poem (*Trip in Hawraman)* by Goran”. It is an attempt to explore the style in which Goran used for creating poetic imagery in his poems, especially in his poem (*Trip in Hawraman)*. Since, in Kurdish modern poetry Goran is the best imagist poet, the research tries to focus on poetic images that he created in the mentioned poem.

This study is an analytic and descriptive, it is divided into two chapters. The first chapter is dedicated to the definition and the concept of poetic imagery, and its significance for Goran. Also, it focuses on the methods and styles that he has used to create poetic imagery in his poems.

The second chapter is devoted to one of Goran’s masterpiece, which is (*Trip in Hawraman)*. It studies the poetic imagery in the poem along with the styles that he has used to create imagery in his poem. Finally, the study ends with conclusion and a list of the consulted sources.